# بیری سۆسیالیستی لەنێوان شکستو سەرکەوتندا

فــواد رەشــید

تەموزی 2004

لەبلاوکراوەکانی : یەکێتی کۆمۆنیستەکان لــەعێراق

# بیری سۆسیالیستی
# لەنێوان شکستو سەرکەوتندا

## پێشەکی

یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق وەکو ڕێکخراوێکی واقعبینو هەڵقوڵاوی فعلی بیرو خەباتی سۆسیالیستی هیچ کات تێگەیشتنێکی نادروستی سەبارەت بەهۆشیاری چینایەتی کرێکاران نیەو پێی وانیە کە کرێکاران خۆبەخۆ چینێکی هۆشیاری سیاسیو حزبی بێگرفتی ڕۆشنبیریو ئایدلۆجیابن، ئێمە سەرەڕای بڕوامان بەوەی کە چەوساندنەوەی ماددی سەرمایەداری بۆ کرێکاران ناڕەزیەتیو ڕێکخراوبوونو هۆشیاریەکی نسبی ئۆتۆماتیکی لەگەڵ خۆیدا دێنێت بەڵام هاوکات ئێمە نەك بەزەخیرەی مەعنەوی شۆڕشی کرێکاران نازانین بگرە بۆ بەدیهێنانی بچووکترین چاکسازیش لەژیانی ماددیو مەعنەوی کرێکارانو خەڵکیدا بڕوامان بەخۆهۆشیارکردنەوەی زیاترو هەوڵدان بۆ بردنەسەری هۆشیاری سیاسیو چینایەتی هەیەو لەم پێناوەشدا هەوڵدەدەین بەبەرنامەترو چڕتر لەڕابووردوو لەم بوارەدا کاری جدیبکەینو بردنەسەری هۆشیاری چینایەتی بەکۆڵەکەیەکی سەرەکی تێڕوانینمان بۆخەباتی سۆسیالیستی لەعێراق دەزانینو دوور لەهەر موبالەغەو خۆشخەیاڵی خۆفریودانێك پێمانوایە کە چینی کرێکارو خەڵك بەگشتیو تەنانەت بەخودی سۆسیالیستەکانیشەوە پێویستە لە تغذیەی بەردەوامی هۆشیاریدابنو پێمانوایە داننان بەم واقعیەتە زیاتر ئەمانباتە سەر ڕێچکەی بەرەوپێشچوونو بینینی ئاسۆی گەشەسەندن نەك سەیرکردنی بەرتەسك بۆخەباتی چینایەتی وابیرکردنەوە کە ڕۆشنبیری نوخبە بەس بێت بۆ ئاڵوگۆڕ بەرەو لاوازی بردنی ڕژێمێك کە ڕەگو ڕیشەی لە هەموو گۆشەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا داکوتاوە. ئێمە سەرەڕای ئەوەی کە قەناعەتی تەواویشمان بەوە هەیە کە ئێمە خەباتی فکریو بردنە سەری هۆشیاری نەهەموو شتێکەو نە سەربەخۆش لەبەشەکانیتری خەبات ئەتوانێت دەوری کاریگەری خۆی ببینێت، هەروەك چۆن پێشمانوانیە کە شۆڕشو خەباتی سۆسیالیستی مانای هۆشیاری پڕاوپڕی تەواوی کرێکارانە یان پێمانوابێت کە گۆڕانەکان پێویستی بە ڕۆشنبیر کردنەوەی تاکە تاکەی کرێکارانو خەڵکیهەبێت.

ئێمە لەم ڕووانگەیەوەو بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەپێشەوە باسمان کرد، لەئێستادا یەکێك لەو مەسەلانەی ك گرنگی جدی هەیەو وەڵامی (تاڕادەیەك) بەردەوامی دەوێت، بەلامانەوە مەسەلەی وەڵامە بەو حەملە تووندو ژەهراویەی کە دەڵێت "ئیتر بیری سۆسیالیستی کۆتایی هاتو جێگایەکی لە مێژووی لەئێستا بەرەو دواوە بۆ نەماوەتەوە".

لەڕاستیدا وەڵام بەم مەسەلەیە ئەکرێت هەم سادەو هەم ئاڵۆزبێت بەپێی ئاستەکان، ئێمە لێرەدا نەئەچینە باسێکی فکری قووڵی سیاسی ئابوریو نە جەنگێکی فەلسەفییەوە، لەبەرئەوەی خودی (ئامانجی) ئێمە لێرەدا زیاتر بەسادەیی دووانو جۆرێك لەباسو لێکدانەوە هەڵدەگرێت کە بتوانین لەلایەك مەساحەی خوێنەران فراوانتر بکەینو لەلایەکی تریشەوە پێمانوایە خودی باسەکە بەجۆرێك لەجۆرەکان واقعیەتی ژیانی رۆژانە بەسادەیی وەڵامی دەداتەوەو ڕەنگە هەڵبژاردنی ئەمەیان لەم موناسبەتەشدا زیاتر بەسوودترو لەجێی خۆیدابێت.

## بیری سۆسیالیستی لەنێوان شکستو سەرکەوتندا

کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەمو سەرەتای نەوەتەکان ئەگەرچی وەکو سەرەتای ڕاگەیاندنی (شکستی!!) بیری سۆسیالیستی لەجیهاندا ناسراوە، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە ئەم حەملە سیاسیو ئیعلامییە بۆ سەر بیری کۆمۆنیستی مێژوویەکی کۆنتری هەیەو دەیان ساڵە خەرجی کارو چالاکی خەیاڵی لەم بوارەدا صەرف کراوە لە لایەن ئیمپریالیزمی جیهانیەوە.

ئەمڕۆ دوای زیاتر لە 13 ساڵ لەهەرەسی بلۆکی سۆڤیەتو وولاتانی تری بەناو سۆسیالیستی، سەرەڕای هەر واقعیەتێکی مەوجود، سەرەڕای هەربەردەوامیو خاوییەك لەم حەملە توندە بۆ سەر بیری سۆسیالیستی، سەرەڕای ئەوەی کەچەندین جارو لەچەندین شوێنی دنیادا ئەم حەملە تاڵە وەڵامی خۆی لەلایەن مارکسیستەکانەوە دراوەتەوە بەڵام هاوکات قسەکردنو ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم باسە نەك گرنگیەکەی کەمی نەکردووەتەوە، بگرە پێدەچێت (تقریبا) لەهەموو وولاتێکی دنیادا وەڵام بەم مەسەلەیە بووبێتە یەکێك لە پێویستییە فەرزەکانی خەباتو بەرەوپێشچوونی بیری سۆسیالیستیو خەباتی خەڵكو چینی کرێکار بەتایبەتی.

ئێمە سۆسیالیستەکانی عێراق ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر بەئەرکی خۆمانی دەزانین کە نەك هەر وەڵام بەحەملەی ئیعلامی ژەهراوی بۆرژوازی بدەینەوە، بگرە خودی ئەم حەملەیەو پاشەکشەی واقعیو ماددی بزووتنەوەی سۆسیالیستیو کرێکاری لەهەموو لایەنەکانداو بەتایبەتی لەباری ئیعلامیو رۆشنبیریو پێگەیاندنی فکریەوە وامان لێدەکات کە بەجیا لەم وەڵامە جارێکیتر هەستین بە بڵاوکردنەوەی بیری سۆسیالیستی بەهەموو شێوازێكو بەتازەترینو کاریگەرترین شێوە، چونکە لەڕاستیدا کپی دەنگی سۆسیالیستی لەباری ئیعلامیو رۆشنبیریەوە سەرەڕای خەباتی بەردەوامی کۆمۆنیستەکان، بەمە تەرازووی هێزی ئێمەو بۆرژوازی لە 15ساڵی ڕابووردوودا(نەوەیەکی) مەحروم کرد نەك لەتێگەیشتن بگرە تاڕادەیەك لەبینینی ئەدەبیاتو کلتوری بیری سۆسیالیستی وە زیاترین شت کە ئەم جیلە (نەوە نوێیە) لەبارەی مارکسیزمو سۆسیالیزمەوە کە بیستبێتیان، ڕەنگە شکستو

کۆتایی پێهاتنەکەی بێت! زیاتر لەهەر شتێکیتر و بەم پێیە ئەم ئەرکەی ئێمە هەم گرنگترو هەم گرانتر بووەتەوە.

ئەوەیە کە ئایا بیری سۆسیالیستی کۆتایی هاتو شکستی خوارد "وەکو دوژمنەکانی دەڵێن"، یاخود لەهەموو کات زیاتر ڕاستیو زیندوویی خۆی لەهەموو کات زیاتر دەسەلمێنێت، وەکو لایەنگرانی ئەم بیروباوەڕە دەڵێن" لەڕاستیدا بەناچاری وامان لێدەکات کە هەندێك گۆشەو باس بگرین کەتەحدیاتی وەڵامی ئەم پرسیارە مێژوویییە حەساسە دەداتەوە کە گرنگترین مەسەلەی پێناسەیە بۆ مەقولەکانی (شکست.. سەرکەوتن)

شکستو سەرکەوتن یاخود زیندووییو کۆتایی پێهاتنی ئایدۆلۆجیاکان بەچی دەپێورێن؟ ئەمە هەنگاوی یەکەمی وەڵامێکی گرنگە!

ئەوەی لەساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوومانەوە تا ئەمڕۆ بەرگوێمان دەکەوێتو دوژمنانی بیری سۆسیالیستی پێی لەسەر دادەگرن ئەوەیە کە ئەم بیروباوەڕە واتە سۆسیالیزم نەیتوانی کۆمەڵگە بەڕێوەبەرێت، ئەم بیروباوەڕە بەکەڵکی تەرتیب کردنی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە نەهاتو ئیتر ئالێرەوە شکست دەستیپێکرد تەنانەت جۆرێك لە پاشکەوتنی پیشەسازیو تەکنیکیش لە وولاتە ناسیۆسیالیستییەکان بەبەراوورد لەگەڵ وولاتانی ڕۆژئاوا بۆ ئەمە دەگێڕنەوەو دوژمنانی سۆسیالیزم بەتەعبیرێك ئەڵێن"سۆسیالیزم بەرگێك نەبووە پڕبەپڕی تاكو کۆمەڵ".

ئێستا پرسیاری سەرەکی لێرەوە دەستپێدەکات، پرسیار ئەوەیە کە ئایا بەکام پێوەر سۆسیالیزم بەکەڵکی تاكو کۆمەڵ نەدەهات، واتە ئایا ناکۆکیو وەك یەك نەبوون هەیە لەنێوان حەزو ئارەزووەکانی ئینسانو بەرنامەی سۆسیالیستیدا؟ ئاسانتر بڵێین بیری سۆسیالیستی دژایەتی مەلموسو بەرجەستەی هەبوو لەگەڵ ئەندێشەو خولیاکانی ئینسانی ستاندەرو ئینسانی؟ ئەمانە پرسیاری گرنگنو هەمووشیان پێکەوە یەك وەڵام هەڵدەگرن.

ئێمە پێمانوایە ئەمە مەسەلەیەکە ڕەنگە ئەگەر پێ لەسەر لایەنی زەینیو ئایدۆلۆجیا دابگرین، ڕەنگە زۆر بەشوێنی مەبەستمان نەگەیەنێتو جۆرێك لەسەر لێشێواندنو تەنانەت ناحەقی کردنیش بەرانبەر خوێنەر دروست بکات، وەڵامی ئەم پرسیارە لانیکەم پێویستی بەبەراووردێك هەیە لەنیوان مێژوویەك (کە باسی مەرگی کۆمۆنیزمو سۆسیالیزم ڕەسمیەتی نەبوو) لەگەڵ مێژوویەکی دواتری ئەمڕۆدا (کە باسی مەرگی کۆمۆنیزمو سۆسیالیزم ڕەسمیەو دنیای لێهەڵکێشراوە)..

بادیقەتێك بدەینو بەراووردێك بکەین لەنێوان ژیانی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگو فکریو ئەمنیو .. لەکۆمەڵگەی زەمەنی (پێش شکست!) واتە پێش نەوەتەکانی سەدەی بیستەم لەگەڵ زەمەنی (پاش شکست!) واتە لەنەوەتەکان تائەمڕۆو تا ئەگاتە مێژوویەکی تاڵتریش کە هەر

ئێستا ئەگەر هاوکێشەکانی گۆڕانی بەسەردا نەیەت سیماکانی دەرکەوتووەو پەنجەی هەڕەشە لەژیانی ئایندەمان ڕادەوەشێنێت.

لەساڵی 1990 تا ئەمڕۆ کە زەمەنی (دوای شکستە) لەم ماوەی چەند ساڵەدا بەشی دەیان ساڵ شەڕو کوشتار دنیای داگرت! تەنها لەڕواندا لەچەند هەفتەیەکدا یەك ملیۆن ئینسان ژیانی لەدەستدا، یۆگسلافیای ئارامی ڕابوردوو بووەتە قەسابخانەو ئەوەی شیاو بەئینسان نەبوو لەوێ کرا.

تیرۆرو تەقاندنەوەی بۆمبو فیشەكو خوێنو کوژراوو داگیرکردنو ڕوخاندنو سووتاندنو مەرگو شەڕ ئەم بابەتانە بوونەتە سەردێڕی هەواڵەکانو مەگەر لەجەنگە جیهانیەکاندا ئەوەندە ئەم ووشانە بەکارهاتبنو ممارەسە کرابن.

لەباری ئابوریەوە با واز لەسۆماڵو سۆدانو ئەفغانستانو عێراق ڕواندو ...تاد بهێنینو ڕووبکەینە ئارامترین شوێنی دنیاو بابزانین چ وولاتێك ماوە لەدنیادا کە هێرشی تیادا نەکرابێت بۆ سەر ژیانی خەڵك لەباری ئابوریەوە تا کار دەگاتە ئەوەی دەزگا جیهانیە بۆرژوازیە ڕەسمیەیەکان بەشەرمەزاریەوە دەڵێن (مەئساتە)و ئەبێت بەپەلە بەرنامەیەك دابنێنو بەر بەعەولەمەی هەژاری بگرینو بەخصوصی‌کردنی کارگەو دامەزراوەکانو فڕاندنی زۆربەی کارگەو دامودەزگا خزمەتگوزاریەکانی دنیا لەلایەن ژمارەیەکی کەم لەسەرمایەدارانو لابردنی لەبەردەستی زۆربەی خەڵکدا پەڵەیەکی ڕەشی مێژوویی‌یەو باشترین ڕەمزی چاوچنۆکیو دڕندەیی سەرمایەداری‌یە.

لەکاتێکدا کە مەلایین کەس موحتاجن بەپارویەك نان خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت دەڵێت"لێم مەپرسن سەروەتەکەت چەندە، چونکە تاوەلامتان دەدەمەوە زیاد دەکاتو بەزمان فریای خێرایی زیادبوونی سەرەوەتەکەم ناکەوم تا ژمارەیەك بەیانبکەم".

بەڕاستی پاشەکشەی ئابوریو ڕفاهیەت لەژیانی خەڵکدا یان لانی کەم جیاوازی نێوان چینەکان ئەمڕۆ وا ئاشکراو شەفافە کە ڕەنگە پێویست بەبەڵگەی زیاتر نەکاتو سەرمایەدارەکانیش لەبری ئێمە ئامادەبن ئەم حەقیقەتە بەیان بکەن!!

لەڕووی کۆمەڵایەتیەوەو پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان تاهاتووە ئەتوانێت بڵێین بەرەو (نائینسانی) هاتووە، لەکاتێکدا باس لەئازادی فەردو مافەکانی دەکرێت، بەڵام پێدەچێت لەمێژووی سەرمایەداری‌دا تاكو کۆمەڵ هەرگیز سوکایەتیو وایان بەخۆوە نەدیبێت ئەگەر بەراوردێك بکرێت لەنێوان ئەو پێشکەوتنە مادییانەی دنیای ئەمڕۆ کە لەهەموو کاتێك زیاتر بواری پێشکەوتنی بۆ کۆمەڵگە خۆش کردووە، بەڵام هاوکات بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنە تەکنیکیو پیشەسازی‌یە زەبەلاحانە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەباری سیاسیو فکریو ئابووریەوە کۆمەڵگە بۆدواوە هاتووە، بەقەدەر ئەوەش مۆری نائینسانی‌بوونی لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتی‌یەکان داوەو بەکارهێنانی

ئەنتــەرنێتو کەناڵــە ئیعلامیــەکان بۆدواکــەوتووترینو نائینســانیترین بیروبــاوەڕو ســوکایەتی کــردن بەئینسانو هەڵڕشتنی فۆرمی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی بـۆ پێناسـەی ژیـانو تـاکو کۆمـەڵ ناکۆکیەکـە مەگەر هەر بە (شکستی سۆسیالیزم)و (سەرکەوتنی سەرمایەداری) تەفسیر بکرێت ! !

لەباری فکریوە دیارە ئیتر واقعەکە خۆی زۆر باش بەیانی وجودو غیابی بیروباوەڕەکان دەکات، ئەم دنیا جەنجاڵی پر لەشەڕو کوشـتارو سـوکایەتیە بەئینسـانو برسـێتیو هـەژاری ناعەدالەتیـە کـام فکـر ڕایگرتووەو لەنگەری پێداوە ؟ یان بڵێین کامانەن ئەو بیروباوەڕانەی کە ئـەتوانن لـەزەینو واقعیـەتێکی ئاوا ناشرینو نائینسانیدا گەشەدەکەنو سنگی (کۆمەڵایەتی)بوونی خۆیان لەووڵاتانی عەرەبیو بەناو ئیسلامی دوو نمونەن کەمێژووی نازیـەکان مەعلومەچـین، هەرچـی گروپـی ئیسلامیەکانیشـە ئـەوا ئـیتر دیـارە چ بەڵایـەکی گەورەیـە بەسەرسـەری ئـەو بچـووکترین ئـارامیو ئـازادیو ڕفاهیەتـەش کـە ئـەمڕۆ لەدنیادا بەلەرزۆکی ماوەتەوە تا دەگاتە ئەوەی کە ئەمانە لەزەینی دنیادا فکری ئیسـلامیان بەتـەواوی یەکسان کردووە بەجیهادو کوشـتوبڕێك کـە جگـە لـەخۆیان هـەموو بەشـەریەتیان کـردووە بـەدوژمنی سەرسەختی خۆیانو خەریکە پەیامی ڕسواییو مەرگی خۆیان دەکەنە ئەمری واقعی لەدنیادا.

بەڵام هاوکات کێشەی گەورەتریش لەوەدایە کە شانبەشانی سەرهەڵدانەوەی دۆڕاوتـرینو دامـاوترین بیروباوەڕەکانیش، دەسەڵاتدارێتی ئـەمڕۆی دنیـاش، بەتایبـەتی دەسـەڵاتدارانی ئـەمریکی کـە بـەناوی ڕەمزی دژایەتی تیرۆرو کۆنەپەرستانەوە لەم مەیدانەدایە ئەمیش نەك هەر جێبەجێکەری ئـەم پەیامـە نیە بگرە لە باری مێژووییو سیاسیو فکریەوە بزوێنەری ئەم بیروباوەڕانەیەو خودی راسیزمو فاشیزمو ئیسـلامی سیاسـی خۆبـەخۆ بـەکۆتایی هـاتنی دەسـەڵاتە بـەناو سۆسیالیسـتیەکان حصـەی خۆیـان وەردەگرنو بەجۆرێك لەجۆرەکان بەرهەمی (سـەرکەوتنی) شـەڕێکن کـە ئـەمریکا لـە بەرانبـەر یـەکێتی سۆڤیەتدا پیادەی کردبوو لەدەیان ساڵی ڕابووردوودا.

لەڕاستیدا ئینسان هەرچی بڵێت سەبارەت بەو حەملە نائینسـانیەی کـە لەهـەموو بوارەکانـدا ڕووی کردووەتە بەشەریەت لەدوای ئیعلانکردنـی مـەرگی کۆمـۆنیزم هێشـتا کـەمترینی ووتـووەو هەواڵـەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کـە بـەردەوام بـۆنی خـوێنو باروودیـان لێـدێت باشـترین وەسـفو پێناسـەیە بـۆ زەمەنێك کە بەشەریەتی ئەمڕۆی تێکەوتووە..

چ شەرمەزاریەکە ؟ چ مێژوویەکی تاڵو دژی ئینسانیە ؟

پەڕاندنی سەری ئینسان لەشاشەی تەلەفزیۆنە تەرفیهیەکانمانەوە نمایش دەکرێت؟

دواکەتووترین جۆری بیروباوڕو کۆمەڵو ڕێکخـراوی تیرۆریسـت بوونەتـە ڕەمـزی (مقاوەمـە)و دەیـان کەناڵی عەرەبیو جیهانی باس لەشۆڕشگێڕییان دەکات؟

چ زەمانەیەکە کە بەناوی دژایەتی ئەمریکاوە(کە تادوێنی بەخێوکەرو دۆستی یەکەمی خۆیان بوو!) لە لەحزەیەکدا پێنج هەزار ئینسان بکەینە خۆڵەمێش‌و بەشانازیشەوە پەیامی درێژەدان بەم شورەیی‌یە بەگوێی خەڵکی‌دا بدەیت؟

چ سەردەمێکە کە لەکاتێکدا خەڵکی عێراق، لەئەوپەڕی پێویستی‌دان بەئازدی‌و ڕفاهیەت‌و کارو هێمنی بەڵام بەشانازی‌یەوە تەڕو ووشك پێکەوە دەسووتێت؟ لەلایەك (بەناو ئۆپۆزسیۆن)و لە لاوشەوە (دۆستەکان) خەریکی بەندو بەستی ژێر بەژێرو ئاشکران لەگەڵ سیاسەتە دژی ئینسانی‌یەکانی ئەمریکا.. چ زەمانێکە؟ ... چ سەردەمێکە؟

بەڵێ ئا ئەمەیە دنیای سەرکەوتوو، ئا ئەمەیە سەرکەوتنی بیروباوەڕەکانی غەیری سۆسیالیزم، سەرکەوتن بەسەر چی‌داو شکستی چی؟ سەرکەوتن بەسەر حەزو خولیا ئینسانی‌یەکانداو نقوم کردنی دنیا لە شەڕو کوشتارو پێشبڕکێی چەکی کۆمەڵکوژو (نەوەوی‌یەکانی ئاشتی!)، ئا ئەمەیە ئەو سەرکەوتنەی کە ئیمپریالیزمی غەربی ئیعلانی دەکات‌و هاوپەیمانە چینایەتیەکانی لەدنیادا بەنەیارو هاوپەیمانەوە مۆری دەکەن‌و شایی‌و لۆغانی بۆدەکەن.

بەڕاستی ئەکرێت ئەمە بە گەورەترین شکستی سەرکەوتووەکان ناو ببرێت نەك سەرکەوتن.

ئەی بڕیار نەبوو پێناسەی سەرکەوتن بەئیرادەی کۆمەڵگە بپێورێت؟ کامەیە بەڕێوەبردن؟ بەڕێوەبردنی جەنگ‌و برسێتی‌و کاولکاری‌و چەکی ئەتۆمی‌و هەژاری.. سەرکەوتنە یان شکست؟

کێ هەیە نەزانێت لەسەردەمی پێش هەرەسی سۆڤیەت‌و ئەگەرچی سۆسیالیزم نەدامەزرابوو، نە لەهیچ دەوڵەتێکدا پەیڕەوی لێدەکرا، بەڵام ئەوکات لەتەواوی دنیادا ژیان‌و گوزەرەان لەئێستا باشترو پارێزراوتر نەبوویێت؟ دیقەت بدەن سەرکەوتنی سۆسیالیزم ئالێرەدایە" کاتێك بیروباوەڕێك پاشەکشە دەکات یان کەمێك کەنارەگیر دەکرێت لەباری سیاسی‌و دەسەڵاتی‌یەوە، دنیا چی بەسەردێت؟ ئەگەر سۆسیالیزم ئەوە بوایە کە دوژمنەکان دەیانووت بەم پێی دەبوایە بەشەریەت ئێستا لەئەوپەڕی ڕفاهیەت‌و ئازادی بەهرەمەند بوایە، بەڵام ئەوەتا پێوانەکە ڕاستەو تا ئەو کاتەی بیری سۆسیالیستی لەدنیادا بەهێزەو ڕفاهیەت‌و حورمەتی ئینسان هەیەو کاتێکیش ئەم بیروباوەڕ لە مێژوویەکدا زەربە دەخوات هەموو بەشەریەت (جگە لەکەمایەتی بۆرژوازی) زەربە دەخۆن‌و بەقەدەر بیری سۆسیالیستی پاشەکشە بەژیانیان دەکرێت.

دیقەت بدەن تائەمرۆ لەهەر شوێنێك بچووکرتنی دەنگی سۆسیالیستی هەبێت لەو شوێنە باس باسی مافەکانی خەڵکە، باسی مافەکانی ژنانە، باسی ڕفاهیەت‌و ئازادیە، نەك تیرۆرو شەڕو کوشت‌وبڕو سوکایەتی بەحورمەتی ئینسانیمان، پارتی کاری ئیسرائیلی بەهەموو کۆنەپەرستیەکی‌یەوە، سەرەڕای چەپ نەبوونی بەڵام بەحوکمێکی مێژوویی‌و تەنانەت لەفزی نەیارەکانیشی بەشارۆن مقارنەی ناکەن!

لەئیسپانیا چەپێکی بۆرژوازی ئەمیش جارێکیتر بەحوکمێکی مێـژوویی و لـەفزی ناچـارە سـوپاکەی لەعێراق بکشێنێتەوەو نەکەوێتە هاویەیمانیەکەوە کە ڕەمزی ڕاستڕەوی بۆرژوازی جیهانیە،..بـەڵێ ئـەم بەناو چەپانە، کە هیچ ماهیەتێکی سۆسیالیستیو کرێکارییان نیـە ئۆتۆمـاتیکیو لـەژێر کاریگـەرییـەکی مێژوویی‌دا دەبێت هەروابکەن. ئەمە چ جای بیرێکی پوختو بزووتنەوەیەکی پوختی سۆسیالیسـتی کـە بەئینسان دەستپێ‌دەکاتو بەویش کۆتایی‌دێت، سۆسیالیزمێك کە ئێسـتاش لـەژێر کاریگـەری قورسـی ئەو هەموو حەملـە دژەی‌دا لەجیهانـدا، لێرەولـەوێ دەبینرێـتو دەبیسـترێت وجـودو زینـدوویی خـۆی نیشـانمان دەدات... دواجـار ئـەوە دەڵـێین بـا دوژمنـانی سۆسـیالیزم ئـەم سـەرکەوتنەیان پیرۆزبێـت (سـەرکەوتن لـە تـەفروتوناکردنی قودسـیەتی ژیـانی ئینسـان) ئێمـەش هـەلگرانی بـیری سۆسیالیسـتی شـانازی بـەلاوازی نسـبی ئەمڕۆمانـەوە دەکـەین کـە (لاوازیـن)و دەسـتمان نیـە لـە ئـەم عەولەمـەی مەئساتەدا.. ئەم شکستە گەورەترین سەرکەوتنی فکری ئێمەیەو سەرکەوتنی ماددیشمان لەڕێماندایە !.

## تێڕوانینی سۆسیالیستی بۆ بیری ئیسلامی

ڕەنگە ئەو هاوکێشانەی پەیوەندی نێوان بیری سۆسیالیستیو ئایینەکان لەوانە ئایینی ئیسلام, دیاریدەکات زۆر سادەو بڕاوەبێت لەبنچینەداو قابیلی تەنانەت زۆر ڕۆشنکردنەوەو شۆڕبوونەوە نەبێت بەووردو درشتیدا, بەڵام ئەوەی کە دوای سەدەو نیوێك هێشتا قابیلی ئەوەیە کە بەبەردەوامی قسەی لەسەر بکرێتو تەنانەت بووەتە بەشێك لەخەباتی فکریو ڕۆشنبیری کۆمۆنیستەکانو ئەمرێکی واقع, ئەو گفتوگۆو لێکدانەوەو لادانانەیە کە لەسەر ئەم تەوەرە فکرییە دێنەگۆڕو قوورساییەکی دیارو زۆر لەسەر بواری سیاسیو چالاکییەکان دادەنێتو ئینسان ناکرێت حسابی لەسەر نەکات.

باسی ئێمە لێرەدا باسێکی دیاریکراوە لەبوارێکی دیاریکراو، وە بەئامانجێکی دیاریکراویشەوە، هەر بۆیە لەپێناوی پەلنەهاویشتنی زیادە لێرەدا تەنها تەوەرەیەکمان دیاریکردووە, کە ئەویش مەسەلەی ئەو بەدواداهاتنو لێکدانەوانەیە کە لەسەر هەڵوێستو تێڕوانینی بیری کۆمۆنیستی لەسەر مەسەلەی بیری ئیسلامی وجودی هەیە, وە دەمانەوێت لەڕێی باسێکی لەم جۆرەوەو بەگوێرەی توانا وەڵامێك بدەینەوە بەو سیاسەتی دیماگۆجیەتو بەرچاو ڕەشکردنەی خەڵکی کە لە کۆمەڵگەیەکی وەکو عێراقدا زۆر لایەنو دەزگاو کەسایەتی کاری بۆ دەکەن لەپێناوی هەرچی زیاتر دروستکردنی کەلێنو بەربەست لەنێوان بیری سۆسیالیستیو خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشدا.

ئێمە هەموومان شاهیدی ئەو ڕاستیەین کە بەبەردەوامی کۆنەپەرستانو دوژمنانی کۆمۆنیزم خەریکی هەڵڕشتنی ژەهراوی تەبلیغین لە بەرانبەر بیری سۆسیالیستی ئێمەداو بەسوودوەرگرتن لە زەمینەیەکی مێژوویيو سیاسیو فکری کە لەم وڵاتەدا هەیە ئەمان هەوڵدەدەن خەڵکی لەچوارچێوەیەکی ناهۆشیارانەو پەینەبردن بە ڕاستیەکاندا بهێڵنەوەو ئەمە بەخەڵکی بڵێین کە بیری سۆسیالیستی بیری دژایەتی ئیسلامو (موقەدەساتی!) خەڵکیيەو ئەوەی لەم بیروباوەڕە نزیك بێتەوە بەقەدەر ئەوە لە (کوفرو ئیلحاد) نزیك دەبێتەوە, بەم پێی زۆر جار تەنانەت لەبری ووشەی کۆمۆنیزم سوود لەووشەی (کافر) وەردەگرن.

لەڕاستیدا ئەکرێت هەندێك جار تەبلیغاتی نادروستی هەندێك لەکۆمۆنیستەکان یان حزبێکی دیاریکراو یاریدەدەربێت بۆ گەرمکردنی بازاڕی ئەم تەبلیغاتە لاوازو نەخۆشانە, بەڵام هاوکات ئەمە سەرەکی نیەو خودی هێزو دروستی بیری سۆسیالیستی خۆبەخۆ دوژمنەکانی لەهەموو سەردەمو شوێنێکدا تووشی هستریاو (درۆداتاشین) کردووە. هەر بۆیە مەسەلەکە تەنها حزبێك یان دەزگایەکی ئیسلامی نیە بەتەنها بگرە لەمێژوودا تائەمڕۆ دەیان ڕەوتو دەزگای بەناو پێشکەوتنخوازو دیموکراتیش هاتوون بەهەمان چەکی لاوازو ژەنگاوییەوە کاریان کردووە.

پـێش هـەموو شـتێك ئـەبێت ئێمـە دان بـەو ڕاسـتیەدا بنـێین کـە ئـەم تەبلیغاتانـە دژی بـیری سۆسیالیستی خواردوویانەو کاریان کردووەو ئەمـەش هۆکـاری سیاسـیو مێـژوویی خـۆی هەیـەو کـەم وەڵامـیو کـەم ڕۆشـنکردنەوەی کۆمۆنیسـتەکانیش لەمبارەیـەوە دەوری سـلبی خـۆی هـەبووە, هـەر لێرەشـەوەیە ئێمـە ئەرکمانـە بەڕاسـتیو بەچـەندین وەسـلیەی جۆراوجـۆرو هەرچـۆن بۆیـان دەکرێـت لەمبارەیەوە خەبات بکەنو وەکو ڕەوتێکی سۆسیالیستی لەپاڵ خەباتکارانیتردا ئەم لایەنـە فـەرامۆش نەکەینو تادەتوانین بەربگرین بەو تەبلیغاتە سلبیو دوژمنکارییانەی دژی بیری ئێمەنو بەبەرنامـە لـەم بوارەدا بەبەردوامی کاربکەین.

لەڕاستیدا دەسـتکردن بەوەڵامدانـەوە بـەم تـەبلیغو دژایەتیـە فکـریو ڕۆشـنبیریەی سۆسـیالیزم ئەکرێت وەڵام بەچەند پرسیارو بابەتێك بێت کـە زۆر سـادەو ڕاشـکاوانە ڕاسـتیەکان ئاشـکرادەکەنو کەمترین پرسیارو گومان لای خوێنەر جێدەهێڵێت لەوانە:-

ئایا بیری سۆسیالستی لەبەرانبەر دینەکاندا سەریهەڵداوە؟

ئەمە پرسیارێکی تاڕادەیەك غەریبەو تاڕادەیەکیش نا دیقەتی فکریو فەلسـەفی پێـوە دیـارە, بـەڵام کێشەکە لەوەدایە کە خودی تەبلیغاتێکی دینی کە بەدژی سۆسیالیزم هەیە ناتوانێت پرسـیارێکی لەمـە دروستتر پەیدابکات! خودی ئەوەی لەو وولاتانەدا کە بیری ئیسلامی وجودی هەیەو سۆسیالیزمی تیادا بەدژایە تی موجەرەدو موتلەقی بـیری ئیسـلام پێپێناسـەدەکرێت, زۆر جـار فریـودانی خـەڵکی تـا ئـەم ڕادەیە لەناهۆشیاریو نائاگایی بردووە کە ئـیتر وەکـو باسمـان کـرد پرسـیارو بابـەتێکی ئـاوا نـاواقعی دەکاتە بابەتو جێ باسو لەسەر ڕۆیشتن.

بەهەر حاڵ ئێمەش ئەکرێت بەپرسیارێك دەست پێبکەین: ئایا ئەکرێت بیروباوەڕێـك فەلسـەفەکەیو وجودی خۆی لەدژایەتی دینەوە دەست پێبکاتو بەوەش کۆتایی پێبێت؟

لەڕاستیدا ئەگەر کەمێك بۆ مێژوو بگەڕێینەوە سەرەڕای ئەوەی کە بیرمەندانی ئیسـلامی دەڵـێن کـە بیری ئیسلامی بەرانبەر بەکوفرو بێدینی (مەبەست دینی ئیسلامە) سەرچاوەی گرتـووە, بـەڵام هێشـتا ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیەو خودی بیری ئیسلامی پێکهاتێکی سیاسی ئابوریو کۆمەڵایەتیو ئەخلاقی بووەو بەرانبەر بەسیستەمێکیتر بەناوەڕۆکێکی تـرەوەو هـاتنی ئیسـلام وانـەبووە کـە تـەواوی بابەتـە سیاسـیو ئابوریـەکان لەشـوێنی خۆیانـدا بمێننـەوەو تـەنها گـۆڕانێکی ڕێـژەیی بچـوك لەسـەرخانی کۆمەڵگەدا ڕوویدابێت, هەر بۆیە ئەگەر ئەمە وابێت بۆخودی ئیسلام ئەوا بۆ ئـەو بیرانـەی کـە بـەدوای ئیسلامدا دێن مومکین نیە بەو جۆرەبێت کە باسدەکرێتو ناکرێت بیروباوەڕێك بەدژی دینێك پەبدابێت, ئەمە لەکاتێکدا کە ئەگەر ئینسـان خـودی سۆسـیالیزمیش وەکـو بزووتنەوەیـەکی کۆمەڵایـەتی لـەباری فکریـەوە بگێڕێتـەوە بـۆ کەسـایەتی وەکـو مـارکسو ئـەنجلسو هاوبیرەکانیـان ئـەوا یەکسـەر ئـەو

پرسیارەش دێتە پێش کە ئایا ئەم کەسایەتییانە لەکاتێکدا لە (ڕۆژئاوای) دنیادا لەبەرانبەر دینەکانی پاڵدەستی خۆیاندا خۆیان پێناسەنەکردبێت بۆچیو چۆن هاتن ئەم پێناسەیەی خۆیان لەبەرانبەر دینێکیتر لە (ڕۆژهەلات)و لە ئەوسەری دنیا کرد؟ ئا ئەمەیە فریودانو خۆڵکردنە چاوی خەڵکی, ئەمەیە چەکی ژەنگاوی, مەگەر هەر مێژوویەکی ژەنگاوی جێگەیەك بۆ ئەم تەبلیغاتانە بکاتەوە ! !

کەواتە ئەگەر بیری سۆسیالیستیو مارکسیزم لەبەرانبەر دینەکاندا نیە بۆ دەبێت ئەم تەبلیغاتانە ئاوا سەرهەڵبدەنو ڕەواجێکی دیاریکراویشیان هەبێت؟

سەبارەت بەم پرسیارە ئەکرێت جارێکیتریش تأکید لەپێناسەی جەوهەریو سەرەکی مارکسیزم بکەینەوە کە دەڵێت "سۆسیالیزمو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەتەواوی هەولێکە بۆگۆڕینی ڕیشەی ئەو فەلسەفەو بنەما ئابووریەیەی کە ڕژێمی بەرانبەر, واتە سەرمایەداری, هەیەتی لەپێناوی بنیاتنانی دنیا لەسەر فەلسەفەو پێناسەیەکی ئابوری تر".

کەواتە ئەگەرچی نامانەوێت لێرەدا بچینە ناو باسی ئەوەی کە کاریگەری سەرخانو ژێرخانی کۆمەڵ چیە لەسەر یەکتری, بەلام لانی کەم لەم موناسەبەتەدا ئەو ڕاستیەیە سادەیە دووبارە دەکەینەوە کە هەرچی گۆڕانکاری هەیە لەم دنیایەدا ڕوودەدات بەبێ گۆڕانی ئەم بنەما ئابوریو ریشەییە نەسۆسیالیزم وجودی هەیەو نەسەرمایەداریش کۆتایی هاتووە. بەم پێیە دەبینین مارکسیزم بەئاشکرا دەڵێت هەرچی دینو مەزهەبو بیری شۆڤینیو چیوچی بێنو بڕۆن هێشتا مارکسیزمو سۆسیالیزم بەئامانجی خۆیان نەگەیشتوونو فەلسەفەو بوونە دژە کە بەسۆسیالیزم لەجێی خۆیدایە.. کاری سۆسیالیزم بەم پێیە لەبواری خۆیدایە, بەواتایەکیتر لێرەوە دەگەینە ئەوە ڕاستیەی کە هەرچی دژایەتیەکیش کە مارکسیزم لەگەڵ هەر دینو ئایدیۆلۆجیایەك هەیبێت لەوێوەیە کە ئایا ئەم دینە یان ئایدیۆلۆجیا دیاریکراوە تاچەند دەچێتەوە سەر ڕەگو ڕیشەی سەرمایەداریو تاچەند دیفاع لەو ڕژێمە ئابوریە دەکات کە بەشەرییەتی ئەمڕۆی زەلیلو کۆیلە کردووەو گۆی زەوی کردووەتە پارچەیەك لەشەڕو کوشتارو برسێتیو چاوچنۆکیو ئینسانی لە ناوەڕۆکە ئینسانیەکەی خۆی تا توانیوە دوور خستووەتەوە.

بەڵێ بەکورتیەکەی هاوکێشەکە لێرەوە دەستپێدەکاتو سۆسیالیزم دەپرسێت کێ پارێزەری دنیای هەژارو دەولەمەندە؟ کام بیروباوەڕ دەیەوێت ڕژێمی دڕندەی سەرماریەداری لەجێی خۆیدا بمێنێتەوە؟ کامە بیروباوەر ڕێگرە لەبەردەم گەڕانەوەی ئینسان بۆ ئەصڵەکەیو دامەزراندنی دنیای دوور لەچەوساندنەوەو زوڵمو کاولکاری؟ کامە بیروباوەڕ مەرگی خۆی لەگەڵ مەرگی سەرمایەداریدا دەبینێتەوەو پێکەوە هەناسەدەدەن؟

بەڵێ دژایەتی سۆسیالیزم بۆ بیروباوەڕەکان لێرەوە دەست پێدەکاتو هیچی تر.. بەئیسلامیەکان دەڵێین کە لەتەواوی وولاتە غەیرە ئیسلامیەکاندا کۆمۆنیستەکان خەریکی خەباتی خۆیانن و ئێوە لەوێ وجودتتان نیە هەر وەکو بەمەسیحیەکو بوزیەکو یەهودیەکیش هەروا دەڵێین...

دژایەتی سۆسیالیزم لەسەر بنەمای ئینسانیو عەدالەتخوازیەکی موتڵەقەو هیچیتر. ئەمڕۆ لەکاتێکدا کە بەمەلایین ئینسان لەوولاتە عەرەبیو ئیسلامیەکانی وەکو صۆمالو سودان پەراسووەکانیان لەپێستەکەیان دەرپەڕیوەو برسیەتی وەکو چەکی کۆمەڵکوژ قڕیان تێدەخات بەڵام بیرمەدانی ئیسلامیو ڕەوتە ئیسلامیەکان لەمبارەیەوە تەنانەت ووشەیەکیان لێنابیسترێتو ئەو هەموو مەئساتو نەخوێندەواریو چەوساندنەوە هەمەجۆرانەی دنیای (ئیسلامی!!) نابینینو ڕاناچڵەکێن, لەکاتێکدا کە هەر لەسەر داوای فتوای سەرکردەو بیرمەندە ئیسلامیەکان هەزاران کەس وولاتەو وولاتی دنیادەکەن بۆ تەقاندنەوەی شەمەندەفەرو ئۆتۆمبیلو بینایەك کە نەك هەر خزمەت بە(موسڵمانەکان!) ناکات بگرە وەرچەرخانی کۆنەپەرستانەترو دواکەوتوو دەخاتە بەردەمی ئەو کۆمەڵگایانەی کە بڕیارە ئەمان فریاد ڕەسەکانی بن.

ئێمە" کۆمۆنیستەکان دوژمنی سەرسەختی هەژاریو چەوساندنەوەو سوکایەتیکردنین بەئینسان, ئێمە دوژمنی سەرسەختو بەردەوامی هەموو کارو کردەوەو ئایدۆلۆجیایەکین کە ئەم گۆی زەویە دەکاتە شوێنی چاوچنۆکیو خوێن ڕشتنو کاولکاری, ئێمە ئەمەین... ئەمانە بەلای ئێوەوە ئەو کوفرانەن کە پێناسەی (کوفر!) دەکات بەبەرۆکی ئێمەدا, بەڵێ شەڕی ئێمە لەسەر زەویەکەی ژێر پێی ئێوەیەو ئێوە بۆ فریودانی خەڵکی کێشەکان بەرەو ئاسمان دەبەن..

ئێوە خۆتان بۆ ناپرسن کە ئەو هەموو دژایەتیەی (مولحیدەکان!!)ی غەربو ئەمریکا لەبەرانبەر مارکسیزمو کۆمۆنیزم بۆچی؟

ئایا ئەمجارە مەسەلەکە ئەو کوفرەیە کە ئێوە باسی دەکەن؟ بۆناپرسن لەکاتێکدا کە مێژوو پڕە لەدۆستایەتیو دیپلۆماسیەتو ئێوەو ئەو (ملحدانە) بۆچی دۆستایەتیەکی وا لەنێوان کۆمۆنیستەکانو مولحیدەکان هەر پەیدانەبووە؟

ئێوە بۆناپرسن شۆڤینیەکان بۆچی کۆمۆنیستەکان بەبێ دینو دژی دین ناوزەند ناکەنو ئەوان ئیتیهامیان بۆ ئیمە ئەوەیە کە گوایە دژایەتی نەتەوەکانی (خۆمان)دەکەینو "کوفری قەومی" دەکەین گوایە ئێمە ملحدی قەومینو لەدینەکەی ئەوان هەڵگەڕاوینەتەوە؟

ئێمە ئەگەر واز لەسەرجەم بابەتە فکریو سیاسیەکان بێنینو بەنمونەو ژمارەو ڕووداوەکان قسەبکەین, ئەوا لەمێژووی کۆمۆنیزمدا (کۆمۆنیزم وەکو فکرو بزووتنەوەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی نەك دەوڵەتە بەناو کۆمۆنیستەکان) ئەوا دواجار ئەم بیروباوەڕە یەك پێناسەو سەرچاوەو ئامانجی

هەیە, هەر ئەوەشی کە ئەم بیروباوەڕە لە ئاستی دنیادا جۆرێك لەزەربەی خواردو پاشەکشەی کرد لەهەمان کاتو لەهەموو جیهاندا ڕاستی ئەو دەسەلمێنێت ئەم بیروباوەڕە نەمحەلیەو نە لەبەرانبەر دەولەتو دینو دەزگایەکی دیاریکراودا سەریهەلداوە, ئەکرێت هەموو دنیا ئەمڕۆ هاوبەش بن لەچەوساندنەوەی ئینسانداو هەموو ڕژێمێکی ئابوری–سیاسی بن کەپێی دەووترێت سەرمایەداری هەر بۆیە سۆسیالیزم بەفعلی باوەڕی دژایەتی ڕژێمی ئابووری سیاسیەو وەکو باسمانکرد مارکسیزم دوژمنی ئەو سەرخانە سیاسیو بیروباوەڕانەیە کە پارێزەری ئەم ڕژێمەن. ئەگەر تەبلیغاتی ژەهراوی بۆرژوازی بۆیەك لەحزە زەینی خەلکی بکرێتەوە دەرەوە چی دەمێنێتەوە بۆ کۆمۆنیزم جگە لە ئاراستەیەکی خەباتو تێکۆشانی ڕاستەقینە بۆ کۆمەلگەی دوور لەچەوساندنەوەی ئینسان, لەو لەحزەیەدا کوفرە دینیو قەومیەکان جگە لەبەنجێکی بەسەرچووی بێکاریگەر, ئیتیهامەکان بەدژی سۆسیالیزم جگە لەدرۆیەکی گەورە هیچیتر نابێتو نابێت ! !

دواجار ئەوەی کە قابیلی ئەوەیە تأکیدی لێبکەینەوەو بەکورتی بەیانی بکەینەوە ئەوەیە کە دوژمنانی سۆسیالیزم بەتەبلیغاتی دیماگۆجیانەیان لەدژی ئەم بیروباوەڕە نەك هەر هێرش دەکەنە سەر بەرنامەی ئالوگۆڕی دنیای بەرەو یەکسانیو گەڕانەوەی ئیرادەو کەرامەتی ئینسان, بگرە هاوکات ئەم تەبلیغاتانە جۆرێك لەکەم تەماشاکردنی خەلکیەو یاریکردنە بەعەقلی ئینسانەکان.

هەر بۆیە سەرەڕای هەر کاریگەرێك هاوکات حەملەیەکیش کەمو زۆر بەدژی ئەم تەبلیغاتانە وجودی هەبووەو ئێستاش وجودی هەیەو ئێمەش دەمانەوێت بەبەرنامەوە ئەم بەرەیە بەهێزبکەینو بلێین (باکۆتایی بێت بەیاریکردن بەعەقلی کۆمەلو بەشەرەکان, لەم دنیای پڕ لەکوفری ئابوریو سیاسیو کۆمەلایەتیەدا, لەم دنیای پڕ لەئارەزووی ئینسانە بۆخۆشگوزەرانیو پێشکەوتنە, کوفرەکانتان بەرانبەر بەسۆسیالیزم کۆتایی پێبهێنن, سۆسیالیزم هەولی ئینسانە بۆ سەلماندنی ئینسانیبوونی خۆی, هەر بۆیە هەموو هاوچینەکانمان ڕۆژ بەڕۆژ ئینسانەکان ڕادەچلەکێنو بەناچاری پرسیار لەسەر پرسیارەکانتان لەدایك دەبێتو تەبلیغاتەکان بەشێکی بەمردوویی لەدایك دەبێت).